# کۆدگۆڕینەوە و کۆد ــتێکەڵکردن

**شاخەوان جەلال حاجی فەرەج [1] هیوا مەلوود عەبدوڵلا[2]**

[1] بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان عێراق

[2] مامۆستا لە پەروەردەی دەرەبەندیخان

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە بە ناونیشانی (کۆد گۆڕینەوە و کۆد- تێکەڵکردن)ە و تێیدا شیکردنەوە بۆ گۆڕینەوە و تێکەڵکردنی کۆد کراوە، هەروەها تێیدا تیۆرەکان و هۆکاری ڕودانیان و ئاستە زمانەوانییە جیاوازییەکانیان بە نموونەی ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی زمانی کوردی ڕونکراونەتەوە. لەم ڕوانگەیەوە و بەمەبەستی چەسپاندنی ڕێبازی توێژینەوەی لێکۆڵینەوەکە، لێکۆڵینەوەکە بە سە ر سێ بەشدا دابەشکراوە، کە بریتین لە:

بەشی یەکەم بۆ (پاڵنەر و هۆکارەکانی کۆدگۆڕینەوە و کۆد__تێکەڵکردن) تەرخانکراوە، کە تێیدا هۆکار و پاڵنەرە زمانەوانی و نازمانەوانییەکانی ڕودانی ئەم دیاردەیە شیکراوەنەتەوە. بەشی دووەمیش بۆ (کۆدگۆڕینەوە) تەرخانکراوە، کە تێیدا جۆرەکانی کۆدگۆڕینەوە و پێکهاتە زمانییەکانی ئەم کۆدگۆڕینەوەیە خراوەتەڕوو. هەرچی بەشی سێیەمیشە بۆ (کۆد__تێکەڵکردن) تەرخانکراوە، کە تێیدا ڕوانین و ڕێبازەکانی کۆد__تێکەڵکردن نوێنراوە، هەروەك چۆن شێواز و پێکهاتە زمانییەکانی کۆد__تێکەڵکردن شیکراونەتەوە. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون خراونەتەڕوو.

**چەمکە کلیل:** زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، کۆد، کۆد گۆڕینەوە، کۆد تێکەڵکردن، ئاوێتەبوونی کۆد.

## پێشەکی

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بۆ (کۆدگۆڕینەوەوکۆد__تێکەڵکردن) تەرخانکراوە. لەم توێژینەوەیەدا هەردوو بابەتی کۆدگۆڕینەوەوکۆد__تێکەڵکردن خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. بۆ ئەم مەبەستە تیۆریانە و پراکتیکییانە توێژینەوەکە شیکراوەتەوە. بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی ورد و زانستییانە ڕێبازی پەسنیی شیکاری بەکارهێنراوە. ئەمەش بەمەبەستی پەسنکردن و شیکردنەوەی داتا وەرگیراوەکانی قسەپێکەرانی کوردیی ناوەڕاست. لەبنەڕەتدا ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەرگیراوە لە نامەی ماستەری (ئەنالۆژیای کۆدگۆڕینەوەلەزمانی کوردیدا).

ناوەرۆکی توێژینەوەکە لەپوختە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و پێشەکی، سێ بەش، ئەنجام، لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. ناوەرۆکی سێ بەشەکە بەمشێوەیە خراوەتەڕوو:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کۆدگۆڕینەوە و کۆد__تێکەڵکردن وچەند و چوونەکانیان و پێکهاتە زمانییەکانیان بە نموونەوە دەکۆڵێتەوە، بەجۆرێك بەشی یەکەم بۆ پاڵنەرو هۆکارەکانی کۆدگۆڕینەوە و کۆد__تێکەڵکردن دانراوە، لەو چێوەیەشدا هۆکار و پاڵنەرە زمانییەکان و نازمانیەکان باسکراون. بەشی دووەم بۆ کۆدگۆڕینەوە دانراوە، تیایدا لە دوو پاردا جۆرەکانی کۆدگۆڕینەوە و پێکهاتە زمانییەکانی کۆدگۆڕینەوە ڕوونکراونەتەوە. بەشی سێیەم بۆ کۆد__تێکەڵکردن تەرخانکراوە، بۆ ئەو مەبەستە بەسێ پار ڕوانگە و تیۆرییەکانی کۆد__تێکەڵکردن وشێوازەکانی کۆد__تێکەڵکردن و پێکهاتە زمانییەکانی کۆد__تێکەڵکردن شیکراونەتەوە.

## دەستپێك...

لە ئەنجامی پێویستی پەیوەندیکردن، تێکەڵبوونی ئەندامان و چینە کومەڵایەتییە جیاوازەکانی کومەڵگە، بوونی جۆری زمانیی، توانستی زمانیی و توانستی پەیوەندیکردنی جیاوازەوە و بوونی پێڕەوی زمانیی جیاواز لە مێشکی مرۆڤدا[1] ، زۆرکات ئێمەی مرۆڤ لە کاتی پەیوەندیکردن و بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوەدا (قسەکردن، گفتوگۆکردن، نووسین) زیاد لە زمانێك یان جۆرێکی زمانی بەکاردەهێنین. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵی قسەکردنییەکاندا جۆری زمانی جیاواز، یان لە زمانێك زیاتر بوونی هەیە. واتە دوودیوی زمانی و جووت__زمانیی، دوو دیاردەی جێگیری کۆمەڵن و هەندێکجار پێکەوە و هەندێکجاریش بە جیا هەن (جولییت غارمادی،1990: 167). هەرکاتێك ئاخێوەر بە شێوەی دوودیوی لە دوو زمانەکەی ڕوانی، ئەوا ئەو کاتە سێ شێوەیەی بەکارهێنانی دوو زمانەکە دەردەکەوێت:

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 4، العدد 4(2018) ؛ عدد الصفحات ( 12 )؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v4n4y2018.pp86-97
أُستلم البحث في 30 اب 2018؛ قُبل في 25 ايلول 2018
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 10 كانون الأول 2018
البريد الإلكتروني للمؤلف : Email: shakhawan.faraj@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2018 شاخەوان جەلال حاجی فەرەج وهیوا مەلوود عەبدوڵلا. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

